عومەر گوڕپیر:وەزارەتی دارایی هەرێم تا ئێستا هیچ یەکێك لە دوو بڕگەکەی دادگای فیدڕاڵی لەبارەی مووچەوە جێبەجێ نەکردوە

عومەر گوڕپی ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، نەچونی حکومەتی هەرێم بۆدەم تەوتین و ڕادەست نەکردنی داهاتی ناوخۆ بۆ بەغدا، تەنها یەك ئامانج و یەك دڵنیجامی هەیە، ئەویش "دواخستن و لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ناردنی موچەی خەڵکی کوردستاندا".

عومەر گوڕپی لە هەژماری تایبەتی خۆی لەتوێی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نوسیویەتی، "کاتی دابەشکردنی موچەی مانگی (ئایار/5)ە، هێشتا بەغدا موچەی مانگی (نیسان/4)ی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی نەناردوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی دەسەڵات ناچن بەدەم جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ تەوتینی موچەی".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ماوەی زیاتر لە 90 ڕۆژە، بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ تەوتینی موچەی موچەخۆران دەرچوە، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوەك بەو دەم پێسەکەوە نەچوە، بەکو ناو بەناو بەو زمانی کوردی بەو خەڵکی کوردستان دەڵێت، هەژماری من تەوتینە".

عومەر گوڕپی دەشڵێت، "زۆر بەو ونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ئەمەیە، یەکەم تەوتینی

موچەی موچەخۆران لە بانکی حکومی واتە جێگیرکردنی موچەی موچەخۆران و بە بانکیکردنی لە بانکێکی حکومی ئیتیحادی، دوەمیش وەزارەتی دارایی هەرێم داهاتەکانی ناوخۆ هادەستی ئەو ئەژمارە بکات کە وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغدا دەستنیشانیکردوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "وەزارەتی دارایی تا ئێستا هیچ یەکێك لەم دو بڕگەیەی جێبەجێ نەکردوە، لە بری ناردنی زانیاریی ملیۆنێك و 200 هەزار موچەخۆر بۆ بانکە حکومییەکانی بەغدا بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی تەوتین و بە بانکیکردنی موچە، تەنها نزیکەی 800 ناوی ناردوە بۆ بانکی بازرگانی عێراقی(TBI) هەروەها یەك دیناریشی لە داهاتی ناوخۆ هادەست نەکردوە".

ئەوەشی ئاشکراکردوە، "ئەگەر حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت و لایەنەکانی دەسەڵات دەیانەوێت موچە دوانەکەوێت و کێشەی بۆ دروست نەبێت، پێویستە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی جێبەجێبکەن، ئەگەر ڕێگەیەکی تریشیان هەیە با بە خەڵکی کوردستانی بڵێن".